## ووتەی هەفتانە

کۆمسـیۆنی هەلبژاردنـەکان جـەخت دەکاتـەوە لەسـەر وادەی بڕیـار لەسـەر دراو بـۆ ئەنجامـدانی هەلبـژاردنی پەرلەمان لە بەرواری ٢٠٢١/١٠/١٠ وادەیەکی حەتمیە و پاشەکشەی تێدانیە .

- لـە بارەگـای وەزارەتـی بازرگـانی سـەرۆکی ئەنجومـەنی کۆمسـیاران دادوەر (جلیـل عـدنان خلـف) و وەزیـری بازرگانی یاداشتێکی لێکتێگەیشتینان واژۆ کرد سەبارەت بەپێشکە شکردنی هاوکاری بۆ کۆمسیۆن لە بواری تەواوکردنی ڕێکارەکانی هەلبژاردن و هوشیارکردنەوەی دەنگدەران .
- بـەردەوام بـونی کۆمسـیۆن لـە پڕۆسـەی تۆمـارکردنی حـزب و ڕێکخـراوە سیاسـیەکان کـە (٢٥٣) مۆڵـەتی دامەزراندنی حزبی سیاسی دەرکردوە ، وە (٦٣) داواکاری دامەزراندنی حزبی سیاسی لە مامەلەدایە.

کۆمسیۆنی هەلبژاردنەکان پابەندبونی خۆی نوێدەکاتەوە بەو ئەرکـەی کـە لـە ئەسـتوی دایـە بەجێبـەجێکردنی کـە بریتیە لە ئەنجامدانی هەلبژاردنێکی پاك و بێگەردو دادپەروە ، بەجۆرێك کە جـێ ی ڕەزامەنـدی و پەسـندکردنی دەنگدەران و کۆمە لگای نێودەولەتی بێت ، وەهەروەها جەخت دەکاتەوە کەئەو وادەیەی دیاریکراوە بۆ هەلبژاردنی پەرلەمان لە بەرواری ٢٠٢١/١٠/١٠ ، وادەیەکی حەتمیە و پاشەکشەی تێدانیە.

کۆمسیۆن لە بەرواری ٢٠٢١/١/٢ وە دەستی کردوە بە جیبە جێکردنی یەکـەم قۆنـاغی هەلبـژاردن ، کـە ئـەویش بریتیە لە نوێکردنەوەی تۆماری بایۆمەتری دەنگدەران کە بۆ مـاوەی (٣) مـانگ بـەردەوام بـوو، وە ئـەم ماوەیـە بـە درێـژترین مـاوە دادەنرێـت ئەگـەر بـەراورد بکـری بـە هەلبژاردنـەکانی پێشـوو ، وە لـە مـاوەی ئـەم سـێ مانگـەدا کۆمسیۆن هەولی دا زۆرترین دەرفەت بڕەخسێنێ لە بەردەمی دەنگدەران بۆ تازەکردنەوەی تۆمـاری بایۆمـەتریان وە لەبەر ئەوەی کۆمسیۆن پابەندە بە خشتەی

ئوپەراسیۆنەکان و ئەو وادانەی کە تیایدا دیاریکراوە کـە پێویسـتە بـەگوێرەی خشـتەکە هـەموو ئـەو بڕگانـەی کـە تیایدا هاتوە جێبەجیبکرێت تا ڕۆژی دەنگـدان، بۆیـە نـەتواترا پڕۆسـەی تازەکردنـەوەی تۆمـاری بایۆمـەتری درێـژ بکرێتەوە ، جگە لە مەش پڕۆسەی نوێکردنەوە بەستراوەتەوە بە چەند پڕۆسەیەکی تر کە پێویسـتە یـەك بـەدوای یەکدا جێبەجێیکری وە لە وانەش پڕۆسەی یەکتر بڕی داتای دەنگدەرانی تۆمارکراو (عملیە تقـاطع بیانـات النـاخبین المسجلین) ، وە ناردنی بۆ کۆمپانیای (ئەندرا) ی ئیسپانی کە چاپکردنی کارتی دەنگدانی بایۆمەتری پێسپێراوە ، وە بە دوای ئەمەشدا وەرگرتنەوەی کارتەکان دێت و ئینجا دابەشکردنەوەی بەسەر ئۆفیسی هەلبـژاردنی پارێزگاکـان وە بێگومان پێش دابەشکردنەوەی کارتەکان دەبێت پشکنینیان بۆ بکرێت ، وە هـەروەها لـە لایـەن ئۆفیسـەکانەوە کارتەکان دابە ش دەکرێت بەسەر ناوەندو وێستگەکانی دەنگدان، وە دوای زانینی ژمارەی کۆتایی لە سەر بنـەمای ئەم زانیاریانە گرێبەست دەکرێ بۆ کڕینی کـەرە سـتەی لۆجسـتی بـۆ ناوەنـدو وێسـتگەکانی دەنگـدان وە لەگـەڵ کۆتـایی پڕۆسـەی نوێکردنـەوە لـە بـەرواری ٢٠٢١/٤/١٥ دەرکـەوت کـە (١٧٣٣٠٣٠) دەنگـدەر داتاکـانی بـۆ نوێکراوە تەوە وە لە ناویاندا ئاوارەکان کـە ژمارەیـان گەیشـتە (٢٧٧٧١) دەنگـدەر ، وە بەمـەش تێکـڕای ژمـارەی دەنگـدەران کـە تۆمـاری بایۆمـەتریان بـۆ کـراوە گەیشـتە (١٦٣١١٩٦٥) دەنگـدەر، وە (١٣٧٥٥٠٦١) کـارتی بایۆمەتریش دابەشکراوە ، وە پێویسـتە بوترێـت کـە پڕۆسـەی نوێکردنـەوە بـە ئامـادەبون و چـاودێری (٤٩٤٤)

چاودێری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی وخۆماڵی و (٧٤٣٢) بریکارانی حزب وڕێکخراوە سیاسیەکان ئەنجام دراوە .

لە چوار چێوەی ئامادە سازیەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان ، هەریەك لە سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیاران دادوەر (جلیل عدنان خلف ) و وەزیری بازرگانی لە دیوانی وەزارەتی بازرگانی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنیان واژۆکرد، بەمەبەستی پێشکە شکردنی هاوکاری بۆ کۆمسیۆن لە بواری تەواوکردنی ڕێکارەکانی هەڵبژاردن و هۆشیارکردنەوەی دەنگدەران  بە بلاو کردنەوەی ئەو بابەتانەی کە کۆمسیۆن دایدەڕێژێت لە پێگە فەرمیەکانی وەزارەتی بازرگانی بە مەبەستی هاندانی دەنگدەران بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن، وە هەروەها هاوکاری هاوبەش لە نێوان کۆمسیۆن  و وەزارەتی بازرگانی سەبارەت بە گۆڕینەوەی زانیاری و داتاکان دەربارەی کەسانی مردوو وە پێکهینانی لیژنەیەتی ناوەندی بۆ دانانی میکانیزمێك لە سەر گۆڕینەوەی داتا ئەلکترۆنیەکان کە بەستراوتەتەوە بە کۆبۆنی خۆراك و داتاکانی تۆماری دەنگدەرانی نویکراوە بەپێ ی تۆماری بایۆمەتری .

وە لەکاتی ئێستادا کۆمسیۆن کاردەکات بۆ پاکردنەوەی لیستی دەنگدەران لە داتای دەنگدەری مردوو ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی تەندروستی و بازرگانی ئەنجام دەدرێت .

وە لەبەر دەرهاویشتەو پێداویستیەکانی ئەم کۆنگرەیەی کە کۆمسیۆن بەستی لەگەڵ نوێنەری حزب و هاوپەیمانیە سیاسیەکان و کاندیدە سەربەخۆکان لە هۆڵی دادگای دەستوری بۆ گفتوگۆکردن لە بەر چەند بابەتێك لەوانە ڕێکارەکانی دەنگدانی گشتی و دەنگدانی تایبەت و ڕێکارەکانی تۆمارکردنی حزب و هاوپەیمانیە سیاسیەکان  پێشکەشکردنی لیستی کاندیدەکان بۆ کورسی پەرلەمانی گشتی و پێکهاتەکان ، وە لە کاتی کۆنگرەکەدا لایەنە سیاسیەکان و کاندیدەکان چەند بابەتێکیان خستە ڕوو کە تایبەت بوو بەو تەگەرانەی کە لە بەردەمیانە بۆ تۆمارکردن بە هۆکاری ڤایرۆسی کۆرۆنا و بارو دۆخی تەندروستی ، لە بەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە ئەنجومەنی کۆمسیاران بڕیاریدا بە یەکخستنی ماوەی پیشوازیکردن و تۆمارکردنی لیستی کاندیدەکان لەگەڵ تۆمارکردنی هاوپەیمانیە سیاسیەکان کە تابەرواری ٢٠٢١/٥/١ درێژە دەکێشێت ،  وە کۆمسیۆن بەردەوامە لە تۆمارکردنی حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان ، مۆڵەتی دامەزراندنی (٢٥٣) حزبی سیاسی دەرکراوە ، وە (٦٣) داواکاری تۆمارکردنی حزبی سیاسی لە مامەلەدایە وە ژمارەی ئەو داواکاریانەی کە لە لایەن حزبە سیاسیەکانەوە پێشکەشکراوە بۆ بەشداریکردن لە هەلبژاردن گەیشتۆتە و (١١٨) حزب وە (١١) هاوپەیمانی سیاسیش لەکۆی (٣٢) هاوپەیمانی سیاسی ئامادەیی بەشداریکردنی هەڵبژاردنی پشانداوە وە (١٢) هاوپەیمانیش لە ژێر مامەلەی تۆمارکردنداان ، وە سەبارەت بە کاندیدی سەربەخۆ ژمارەیان گەیشتۆتە (٤٧٨) کاندید لە ناویاندا (٥) کاندیدی پێکهاتەی یەزیدی (٨) کاندیدی پێکهاتەی کوردی فەیلی و (٧) کاندیدی پێکهاتەی مسیحی هەیە وە هەروەها (١٤٠) کاندیدی حزبە سیاسیەکان و (٤) کاندیدی هاوپەیمانیە سیاسیەکانیش تۆمارکراون .

وەهەروەها لەو چوار چیوەیدا ئەنجومەنی کۆمسیاران ڕەزامەندیدا بە ڕێپیدانی حزبە سیاسیەکان ئەو حزبانەی کە دۆسیەکانیان ڕەوانەدی دەستەی نیشتمانی بۆ لێپرسینەوە و دادپەروەری کراوە کە (٥) ڕۆژ پێشتر لە دوارۆژی وەرگرتنی لیستی پالێوراوان لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/١٧ ئامادەییان پیشانداوە بۆ بەشداریکردن لە هەلبژاردن لە سەر بنەمای داواکاری دامەزراندنی بە مەرج بە وەلامدانەوەی دەستەی ئاماژە پێکراوی سەرەوە ، بە مەبەستی

تەواوکردنی پێداویستیەکانی حزب بەمەرجێك کە دەبێت ئەو پێداویستنە لە ماوەی (٩٠) رۆژ تەواو ببێت لە بەرواری پەسندکردنی داوکاریە بە مەرجەکە .

وە هەر لەو ئامادە سازیانەی کە کۆمسیۆن کردویەتی بۆ ڕۆژی دەنگدان ، هەلساوە بە دانانی پلانێك بۆ ئەنجامدانی پڕۆڤەو نواندن (المحاكاة) بۆ پڕۆسەی دەنگدان کەسەرجەم ئامێرە ئەلکترۆنیەکان کە لە ڕۆژی دەنگدان بەکادە هێنرێن پشکنینیان بۆ دەکرێت کە بریتین لە ( ئامێرەکانی خێراکردنی ئەنجامەکان و ئامێری لیکۆلینەوەی ئەلکترۆنی و ئامێری ناردنی ئەنجامەکان ) وەئەمەش لەڕێ کۆمپانیای پشکنەر دەکرێت وەلەژێر سەرپەرشتی لیژنە هونەریەکان لە کۆمسیۆنی هەلبژاردنەکان و بە ئامادەبونی نوێنەرانی نەتەوە یەگرتوەکان ، بۆ دلنیابون لە خێرایی ئامێرەکان و ئاستی دقەیان لە کارکردنندا لە ڕۆژی دەنگدان .

وە پلانەکە چەند پڕۆسەیەکی پڕۆڤەو نواندنی لە خۆ گرتوە لەگەڵ خشتەی کاتی هەلبژاردن وەهەروەها پڕۆڤەکە لەسەر ئامێرەکانی لیکۆلینەوەی ئەلکترۆنی و بەرنامەکانی ئەنجام دەدرێت وە ووشەی پڕۆڤە (المحاكاة) لە سەر ڕووی هەموو

بەرنامەکان و دەنوسرێت  لەگەل ئەو ڕابۆرتانەی کە دەرکراون لە سەر ئامێرە ئەلکترونیەکان دەربارەی پڕۆسەی پڕۆڤە کردن ، وەئەمەش لە پێناوی زامنکردنی پاکی و دادپەروەری هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەرواری ١٠/١٠/٢٠٢١.

نووسینگەی ووتەبێژی ڕاگەیاندن

بەروار : ٢٠/٤/٢٠٢١